**له چله‌ی لاڤه جه‌مالی خونچه‌گوڵدا..**

**سه‌نته‌ری به‌رگری له مافه‌کانی منالان رێو ره‌سمێکی شایسته له شاری سلێمانی سازده‌کات!**

..................................................................

رۆژی 15-5-2006، هۆلی سلیمانی سه‌نته‌ری گه نجان، شوینی نمایشیکی که‌م وینه بوو که بۆ ئه‌م جۆره رووداوانه ساز کرا بیت،40 رۆژ له‌مه‌و به‌ر و هه‌ر له‌م شاره‌دا یه‌کێك له دڵته‌زێنترین رووداوه‌کان له لایه‌ن مریه‌م که ئه‌فسه‌ری 2 ئه‌ستیره‌یه له هیزی پاراستنی سنوور به‌ئه نجام گه‌یه‌نرا و به درندانه ترین شیوه و دوور له هه‌موو ئینسانیه‌تیك، لاڤه‌ی ته‌مه‌ن 4 سال خنکینرا و دوای ئه‌وه‌ش خرایه ناو کیسه‌ی نایلۆن و گونیه وله چالیکدا دوای 21 رۆژ دۆزرایه‌وه.

رۆژی 15 -5-2006 تیپه‌ربوونی 40 رۆژ بوو به سه‌ر ئه‌م رووداوه‌دا و به‌م بۆنه‌یه‌وه سه‌نته‌ری به‌رگری له مافه‌کانی منالان به هاوکاری بنه‌ماله‌ی لاڤه جه‌مال،هه‌لسا به سازکردنی مه‌راسیمیکی ریز گرتن له لاڤه‌ی خونچه گول، له هۆلی سلیمانی سه‌نته‌ری گه نجان.

له‌و مه‌راسیمه‌دا بیجگه له ئاماده‌بوونی بنه‌ماله‌ی لاڤه جمال، زیاتر له 600 که‌س له خه‌لکی شه‌ریف و ئینسان دۆستی شاری سلیمانی و نوینه‌رانی حیزب و ریکخراوه‌کان و نوسه‌ران و شاعیران و له ناویشیاندا شاعیری ناودار شیرکۆ بێکه‌س، ئاماده‌بوون. سه‌ره‌رای ئه‌مه‌ش زۆربه‌ی هه‌ره زۆری ده‌زگاکانی راگه‌یاندن به رادیۆ و ته‌له‌فزیۆن و رۆژنامه‌کانه‌وه ئاماده‌ی ئه‌م مه‌راسیمه بوون وبه‌شه‌کانی ئه‌م مه‌راسیمه‌یان ده‌گواسته‌وه.

سه‌ره‌تای مه‌راسیمه‌که به به‌خیرهاتنی ئاماده‌بوان و ده‌قیقه‌یه‌ك وه‌ستان بۆ ریز گرتن له یادی لاڤه جه‌مالی خونچه‌گوڵ و هه‌موو قوربانیانی توووند وتیژی له دژی منالان ده‌ستی پیکرد.

دوای ئه‌مه‌له سه‌ر داوای سه‌نته‌ر، دایك و باوکی لاڤه هه‌لسان به داگیرساندنی 4 مۆم له به‌رده‌م ره‌سمیکی گه‌وره‌ی لاڤه که بۆ ئه‌م رێ و ره‌سمه دروست کرابوو، ئه‌م 4 مۆمه وه‌ك نیشانه‌یه‌ك له ته‌مه‌نی کورتی لاڤه‌ی خونچه گوڵ بوو، که ده‌ستی ره‌شی مریه‌م نه‌یهیشت زیاتر بژێت.

به دوای ئه‌مه‌دا له لایه‌ن ئازاد احمد سه‌رپه‌رشتیاری سه‌نته‌ری به‌رگری له مافه‌کانی منالان، ووته‌ی سه‌نته‌ر پیش که‌ش کرا.

له سه‌ره‌تای ووته‌که‌ی دا،ویرای به خیرهاتن له ئاماده بوان و سه‌ره‌خۆشی له بنه‌ماله و که‌س و کار و له ئاماده‌بوان و هه‌موو ئینسانیکی به ویژدان، باسی ئه‌وه‌ی کرد که بۆچی سه‌نته‌ر هه‌لساوه به ساز کردنی ئه‌م مه‌راسیمه و بۆ چی له ناو هه‌موو ئه‌و رووداوی کوشتن و سه‌ر برین وتاوانانه‌ی تر که روو ده‌ده‌ن، مه‌راسیم بۆ ئه‌م مه‌سه‌له‌یه ساز ده‌کات، له‌م باره‌یه‌وه ووتی که گه‌وره‌یی تاوانه‌که وای لی کردین که نه‌ك هه‌ر نه‌توانین بی ده‌نگ بین به‌لکو بریارماندا که ده‌بیت ئه‌م رووداوه جه‌رگ بر و دل ته‌زینه بکه‌ینه هۆکاریك بۆ ئه‌وه‌ی کاریك بکه‌ین که هه‌م تاوانباری ئه‌م رووداوه که مریه‌می ئه‌فسه‌ری هیزه‌کانی پاراستنی سنووره، دادگاییه‌کی ئاشکرا بکریت و سزای خۆی وه‌ر بگریت، هه‌م له لایه‌کی تره‌وه ئه‌م رووداوه بکه‌ینه هۆکاریك بۆ ئه‌وه‌ی که دیارده‌ی توووند وتیژی له دژی منالان کۆتایی پی بیت. تا له‌م ریگایه‌وه به‌ر بگرین له دووباره بوونه‌وه‌ی ئه‌م کاره‌ساتانه و چیتر لاڤه‌کانمان به‌م ده‌رده نه‌بردرین و له‌م راستایه‌دا په نجه‌ی خسته سه‌ر چه‌ندین تاوانی تر که هه‌ر له‌م 1-2 ساله‌ی دوایی دا له کوردستان، روویانداوه و نمونه‌کانی مناله له‌ت وپه‌ت کراوه 4 مانگیه‌که‌ی رانیه و عادل محمود و.........تاد، له لایه‌ن سه‌رپه‌رشتیاری سه‌نته‌ره‌وه باس کرا. وه باسی ئه‌وه‌ی کرد که سه‌نته‌ر و بنه‌ماله‌ی لاڤه‌ی خونچه گول له هه‌ولی ئه‌وه‌دا بووین که رێ پیوانیك ساز بده‌ین، به‌لام دوای موراجه‌عه کردنی ده‌زگا به‌ر پرسه‌کان، بریاره‌که‌مان له رێ پیوانه‌وه گۆری بۆ ساز کردنی ئه‌م مه‌راسیمه.

به دوای ئه‌مه‌دا، ئازاد احمد هاته سه‌ر باسی ئه‌و کیشه و مه‌شاکیلانه‌ی که منالانی ئه‌مرۆی کوردستان هه‌یانه و له باره‌یه‌وه ئیشاره‌ی کرد به 4 شت که:

1- به‌کار هینانی توووند وتیژی و لیدان و ئیهانه و سووکایه‌تی و شکاندنی شه‌خسیه‌ت و کوشتن و ناچار کردنی منالان به خۆ سووتاندن و... تاد.

2- كاركردن بە منالان و هەلپروكانی جەستەی ناسكیان لە بازاری بی رەحمی ئەمرۆدا.

3- نەبوونی یاریگاو قوتابخانەو وخەستەخانە و... تاد.

4- بەكار هینانی منالان بۆ كاری حیزبایەتی و سەربازی و جەهل و خورافە خستنە میشكی منالانەوە و ...تاد.

كە لە سەر هەر یەكیك لەم تەوەرانە بە دریژی قسەی كرد و هۆكاری ئەمانەی گێڕایەوە بۆ نەبوونی یاسایەك لە كوردستاند ا بۆ پاراستنی مافەكانی منالان و هەم لە لایەكی ترەوە بوونی فەرهەنگی دواكەووتوو و نائینسانی گەورە سالاری بەرامبەر بە منالان، ئەم دیاردانەی لی كەوتۆتەوە.

بە دوای ئەمەدا هاتە سەر باسی سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالان وكورتەیەكی لە كار و چالاكیەكانی سەنتەر باس كرد ووتی كە كاری سەرەكی ئیمە بریتیە لە وەستانەوە لە بەرامبەر دیاردەی تووندوتیژی دژ بە منالان.

دوای ئەمە باسی ئەوەی كرد كە لە پەیوەند بە كەیسی لاڤە جەمالەوە ئیمە كۆمەلیك كارمان ئەنجام داوە وسەرەرای كارەكانی كوردستانمان كە دەركردنی بەیان وسازكردنی ئەم مەراسیمە و كۆمەلیك كاری ترە، بە هەمان شیوە لە ئەوروپا بە دوای ئەم كارەدا چووین و لە لایەن شیرزاد فاتح لیپرسراوی دەرەوەی سەنتەرەوە، لە گەل ریكخراوی ئەمنستی ئەنتەر ناسیۆنال دانیشتووین وداوامان لییان كردووە كە نامەی رەسمی بنیرن بۆ سەرۆكی كۆماری عیراق و سەرۆكی هەریمی كوردستان و پەرلەمان و حكومەتی هەریم لە سەر تووندو تیژی بەكار هینان دژ بە منالان وسزادانی مریەمی تاوانبار.

لە بەشی كۆتایی قسەكانیدا، هاتە سەر باسی ئەوەی كە ئیمە ئەم مەراسیمەمان ساز كردووە تا لەم ریگایەوە جاریكی تر داوای دادگایی ئاشكرای مریەمی تاوانبارو سزا دانی بكەینەوە، وە لە هەمان كاتدا داوای گرتنە بەری ری وشوینی گونجاو لە بواری یاسایی و پەروەردەیی ورۆشنبیری وفەرهەنگی دا، لە لایەن حكومەتەوە، بۆ كۆتایی هینان بەم دیاردە نائینسانیانە.

وە باسی ئەوەی كرد كە منالان لە هەموو شتیك لە پیشترن ودەبیت وەك ئینسانی خاوەن شەخسیەت و دەرەجە یەك مامەلە بكرین و وتی با هەر لە ئیستاوە گول و خۆشەویستی وناسكیتی و بیگەردی بچینین تا لە ئایندەدا هەر ئەم شتانە بچنینەوە.

بە دوای ئەمەدا پارچە شیعریك لە لایەن هەستیار جافی شاعیر،و پارچە شیعریكی تر لە لایەن جەزا مستەفا وە خوینرایەوە، كە یەكیكە لە بنەمالەی لاڤەی خونچە گول.

دوای ئەویش شاعیری ناودار شێركۆ بێكەس، شیعریكی پیشكەش بە ئامادەبوون كرد، كە تیایدا گەورەیی ئەم كارەساتەی لە وینایەكی شیعری جوانی تایبەت بە خۆیدا، نەخشاندبوو.

دوای ئەمەش لە لایەن رزگار شریف ، خالی لاڤە جەمال، ووتەی بنەمالە پیشكەش كرا ولە ووتەكەیدا ویرای سوپاس كردنی هەموو لایەك كە بەشدار بوون لە گەل ئەواندا لەم كۆستە گەورەیە،داوای ئەوەی كرد كە مریەمی تاوانبار، سزای رەوای خۆی وەر بگریت.

وە سوپاسی سەنتەری بەرگری لە مافەكانی منالانی كرد، كە زۆر بەم رووداوەوە ماندوو بوون وئەم مەراسیمەیان سازداوە.

لە دوای ئەویش پارچە پەخشانیكی سروە شەرفی دایكی لاڤە لە لایەن ئاشتی حسینەوە ، پیشكەش بە ئامادەبوان كرا.

بە دوای ئەویشدا، چەندین پەخشان و پارچە شیعر لە لایەن ئیدریس علی شاعیر و كەسانی ترەوە، پیشكەش بە ئامادەبوون، كران.

بەشیكی تری مەراسیمەكە بریتی بوو لە خویندنەوەی ئەو بروسكە ماتەمینی و هاودەردیانەی كە لە لایەن حیزب و ریكخراوەكانەوە،ناردرابوون.

بەشی كۆتایی مەراسیمەكەش بریتی بوو لە خویندنەوەی یاداشتیك،لە لایەن مامۆستا كامران لەتیف بەرپرسی سەنتەری بەرگری لەمافەكانی منالان لە سلیمانی، كە ئەم یاداشتە بە ناوی ئامادەبوانی مەراسیمەكەوە ئامادە كرا بوو، وە ئاراستەی هەر یەك لە بەریزان سەرۆكی كۆماری عیراق و سەرۆكی هەریمی كوردستان و سەرۆكی پەرلەمان وسەرۆكی حكومەتی یەكگرتووی كوردستان، كرابوو، وە تیایدا دوای 3 خال كراوە :

1- دادگایی ئاشكرا و سزادانی مریەمی تاوانبار.

2- گرتنە بەری ریوشوینی گونجاو لە باری یاسایی و پەروەردەیی و فەرهەنگی و رۆشنبیریدا بۆ پاراستنی مافەكانی منالان.

3- دابین کردنی مافەکان و پیداویستیەکانی منالانی کوردستان.
وە بەم شیوەیە دوای 2 سەعات، مەراسیمەکە سەرکەوتووانە، کوتایی پیهات.
وە لە میانەی ئەم مەراسیمەدا، سەرەرای گواستنەوە ی تەواوی برگەکانی لە لایەن کەنالەکانی راگەیاندنەوە، چەندین دیدار و چاو پیکەوتن لە گەل لیپرسراوانی سەنتەر و دایك و باوکی لاڤە، ئە نجام درا.
بەریوەبردنی ریك و پیك وگونجاوی بەرنامەکان، جیگای سەرنجی ئامادەبووان بوو، کە لە لایەن- ئاشتی حسین-ەوە ئەم کارە ئە نجام درا.
شیاوی باسە هەر لەو کاتە و لە گەلەری سەنتەری گە نجان، لە لایەن سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالانەوە، پیشانگایەکی وینەی فۆتۆگرافی بۆ فۆتۆگرافەر،- کەمال علی خەیات -کرا بووەوە کە تیایدا دەیان وینەی فۆتۆگرافی نیشان درابوو، کە نیشان دەری ژیانی سەخت و ناخۆشی منالانی کوردستان بوو، کە جیگای سەرنجی ئامادە بووانی مەراسیمەکە و کەنالەکانی راگەیاندن بوو.
وە ئەم پیشانگایە رۆژی 16-5-2006 یش بەردەوامە.

ئازاد احمد
سەر پەرشتیاری سەنتەری بەرگری لە مافەکانی منالان
2006-5-15
سلیمانی